# بڵاوکراوەی ڕۆژنامەوانی

## کۆمەکیەکی نوێی ئەڵمانیا بە بڕی 10 ملیۆن یۆرۆ هەوڵەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا فراوانتر دەکات بۆ ئەوەی 15 پارێزگای تر بگرێتەوە

**بەغدا، 22 تشرینی دووەم 2020** – بانکی پەرەپێدانی حکومەتی ئەڵمانیا و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان و بە هاوبەشی لەگەڵ حکومەتی عێراق، ڕێکەوتننامەیەکیان واژۆکرد بە بڕی 10 ملیۆن یۆرۆ ( 11.75 ملیۆن دۆلاری ئەمریکی ) بۆ پشتوانیکرن لە هەوڵەکانی عێراق بۆ بەدەنگەوەچوونی قەیرانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا. ئەم کۆمەکیە دارییە لەلایەن وەزارەتی فیدراڵی ئەڵمانیا بۆ هەماهەنگی ئابووری و پەرەپێدانەوە پێشکەشکراوە ، ئەمەش لە ڕێی بانکی پەرەپێدانی ئەڵمانیاوە. لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا حکومەتی ئەڵمانیا پیشتوانکارێکی بەردەوام بووە بۆ کار و چالاکیەکانی بەرنامەی نەتەوە یەگرتووەکان لە عێراقدا و بۆ ئەم مەبەستەش تاوەکو ئێستا زیاتر لە 300 ملیۆن یۆرۆ لەڕێگەی بانکی پەرەپێدانی حکومەتی ئەڵمانیاوە خستووەتە گەڕ.

لەگەڵ ئەمەشدا حکومەتی ئەڵمانیا پیشتوانی عێراق دەکات لە هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی دەستبەجێ و بە مەودایەکی مام ناوەند بۆ ئەو دەرنجام و ئاکامانەی کە بەهۆی ئەم پەتایەوە دروست بوون وبۆ ئەم مەبەستەش شێوازیکی فریاگوزاری پێکهێناوە کە لە ڕێگەیەوە کۆمەکی دارایی پێشکەش دەکرێت و ئەم کۆمەکیەی ئێستاش لەم ڕێگەیەوە بۆ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان دابینکراوە.

بەخشینی ئەم کۆمەکیە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان هەوڵەکانی بۆ بەدەمەوەچوون بۆ قەیرانی ڤایرۆسی کۆرۆنا فرانتر بکات لە 15 پارێزگادا. بەمەش، ئەڵمانیا دەبێتە دیەم هاوبەش کە بەشداربێت لەم هەوڵانەدا و کۆی کۆمەکیەکانیش بەرزدەکاتەوە بۆ نزیکەی 38.9 ملیۆن دۆلار.

ڕێوشوێنەکانی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عێراق بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، بریتین لە زیادکردنی توانای شیکاری تاقیگەکان و دابینکردنی کەلوپەلی خۆپارێزی بۆ کارمەندانی تەندروستی و ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن بۆ ستراتجیەکانی چاککبوونەوە پاش پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا.

نوێنەری نیشتەجێی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان لە عێراقدا، زینە عەلی ئەحمەد، دەڵێت:" بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا تاوەکو ئێستا کاریگەری بەسەر هەموو کۆمەڵگاکانەوە هەبووە لە هەموو ناوچەکانی عێراقدا و لە سایەی ئەم کۆمەکیە باشەی ئەڵمانیاوە، دەتوانین ژێرخانی تەندروستی عێراق پتەوتر بکەین، ئەمەش لە ڕێی بنیاتنانی سێ قاوشی تر بۆ جیاکردنەوەی نەخۆش، هەروەها لەگەڵ 13 قاوشی تر کە دروستکراون یان لە بواری جێبەجێکردندان".

لەلای خۆیەوە بەرێز باڵوێزی ئەڵمانیا، د. ئۆلە دیل، تیشکی خستە سەر فرە شێواز و ئەو ڕێوشوێنانەی کە لەلایەن بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان گیراوەتە بەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم پەتایە و گوتی: " ڤایرۆسی کۆرۆنا کارەساتێکە، نەك تەنها لەبەر ئەوەی کە تەندروستی مرۆڤەکان و ژیانی تێکداوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی وای لە مرۆڤەکان کردووە کە کارەکانیان لەدەست بدەن، و کۆمپانیاکانیش بەهەمان شێوە داهاتەکانیان لە دەست بدەن، و هەروەها لەگەڵ ئەمەش وای لە خێزانەکانیش کردووە کە بژێوەی ژیانی ڕۆژانەیان لە دەست بدەن. ئەم دەرنجامانەی ڤایرۆسی کۆرۆنا وای کرد کە بە شێوەیەکی بەهێز و جۆراوجۆر کار بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم پەتایە بکەین وئەمەش لەم بەرنامەیەدا ڕەنگی داوەتەوە.
ئەڵمانیا بەردەوام دەبێت لە پێشکەشکردنی پیشتوانی بۆ هەوڵەکانی عێراق بۆ بەرەنگاربوونەوی ڤایرۆسی کۆرۆنا. هەر لەبەر ئەمەشە کە بەرنامەیەکی فیریاگوزاری نێودەوڵەتیمان ڕاگەیاندووە بۆ ڕووبەڕووبونەوەیەکی بەرفراوانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا، کە بەشێکی گەورەی ئەم بەرنامەیە کە بۆ عێراق تەرخانکراوە. لەبەر ئەوەی ئەم پەتایە تەنها لەرێگەی هەوڵ و هەماهەنگی هەمەلایەنەی نێودەوڵەتییەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، ئەڵمانیاش ڕۆڵی خۆی تیایدا دەبینێت."

هەروەها خاتوو زینە عەلی ئەحمەد گوتی:" ئەڵمانیا یەکێکە لە گەورەترین دەستپێشخەرانی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان و زۆر سوپاسگوزارین بۆ پشتگیری بەهێز و بەردەوامیان بۆ بەرنامەکەمان، بە تایبەتی لە میانی ئەم پەتایەدا."

ماوەی چەندین ساڵە بانکی پەرەپێدانی ئەڵمانیا و بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان بە شێوەیەکی پتەو پێکەوە هەماهەنگی دەکەن. لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری نوسینگەی بانکی پەرەپێدانی ئەڵمانیا لە عێراق، د.ئاننا جێنکی، دەڵێت: " بەنوێنەرایەتی حکومەتی ئەڵمانیا، زۆر پێخۆشحاڵین کە هەماهەنگیمان لەگەڵ بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان فراوان بکەین و هاریکاری هەوڵەکانی عێراق بکەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ئاستەنگیانەی ئێستا بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆناوە هاتوونەتە ئاراوە."

ئەم کۆمەکییە لە ڕێگەی دامەزراوەی کۆمەککردن بۆ سەقامگیری دەبێت کە سەر بە بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدانە. ئەڵمانیا لەگەڵ بەلجیکا، کەنەدا، دەنیمارک، فینلەندا، فەرەنسا، یابان، هۆڵەندا، سوید، و دامەزراوەی ئەمریکی بۆ پەرەپێدانی نێودەوڵەتی وەکو هاوبەشێکی سەرەکی بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەشداردەبێت بۆ پەرەپێدان لە عێراقدا، ئەمەش لە پێناو بەدەنگەوەچوون بۆ قەیرانی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا و پێشکەش کردنی هاریکاری بۆ دامەزراوە تەندروستییەکان لە ئەنبار، بابل، بەسرە، زیقار، دیوانیە، دیالە، دهۆك، هەولێر، کەربەلا، کەرکوك، میسان، موسەنا، نەجەف، نەینەوا و سلاحەدین.

**بۆ زانیاری زیاتر، تکایە پەیوەندی بکەن بە:**

فەی داوود، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان، fay.daoud@undp.org، +964781976460

### ### ###

بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەرەپێدان ڕێکخراوی سەرەکیە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە هەوڵ و کۆشش دەکات بۆ کۆتایی هێنان بە نادادپەروەری و هەژاری و نایەکسانی و گۆڕانکاریەکان لە کەشوهەوادا. بە کارکردنمان لە تۆڕێکی فراوانی شارەزایان وهاوبەشاندا لە 170 وڵاتدا، ئێمە یارمەتیدەرین لە بنیادنانی چارەسەری یەکخراو و ماوە درێژ بۆ خەڵکی و هەسارەکەشمان.
زیاتر بزانە لەڕێی ماڵپەرەکەمان iq.undp.org یان فۆلۆومان بکەن لە @UNDPinIraq.
**کۆمەڵگای نەتەوە یەکگرتووەکان - D1، ناوچەی سەوز، بەغدا، عێراق | www.iq.undp.org**